# حەکایەتیماڵیاتی کوردەکانی خۆراسان

November 30, 2013 at 5:52pm

**حەکایەتی ماڵیاتی کوردەکانی خۆراسان**

**هەڵبژاردن و وەرگێڕانی:عەبدوڵڵا سەمەدی**

**فرۆشتن و هەڕاج کردنی پلەو پایەی دەوڵەتی لە سەردەمی قاجارەکاندا، لە هەموو سەردەمەکانی تری ئێران بەرچاوتربووە. لە وەزارەت و حکوومەتی ناوچە و ئوستانەکانڕا تا دەگەیشتە مونشیباشی و فەڕاشباشی و دەرکەوانی، هەرکام نرخی خۆی هەبوو و لە ئاکامدا ئەو کەسە وەدەستی دێنا کە لە مەزاتدا بەسەر ڕەقیبەکانیدا زاڵ بوایە. حاجی غوڵامڕەزا خانی شاسەوەن، ناسراو بە «ئاسەفوددەولە»،کوڕی حاجی حوسێنخانی شەهابولمولک، دڵی کەوتبووە سەر حکوومەتی خۆراسان و بارەگای ئیمامی غەریب. نرخی ئەو حکوومەتەش سەبارەت بە حاسڵاتی زۆری ناوچەکە و داهاتی زەوەندی زیارەتکەران، لە توانای هەموو کەسدا نەبوو. تەنانەت باو بوو کە دەیانگوت: حکوومەتی خۆراسان خۆی هاوسەنگی حکوومەتی ئێرانە! بەڵام حاجی جگە لە پێشکەشییەکی بەرچاو بۆ ناسرەددین شا، زەوی و باغ و باغاتی زۆریشی بە کاربەدەستانی گەورە بەخشی و لە ئاکامدا بووکی ئاواتی لە ئامێز گرت. حاجی پیاوێکی ئیماندار و لە خواترس بوو. کەس زاتی نەبوو باسی مەی و شەڕاب و کاری ناشەرعی لە لا بدرکێنێ. لە هەمان کاتدا پیاوێکی دڵڕەق و پارەپەرستیش بوو. ماڵیاتی قورسی دەخستە سەر خەڵک و لە دینارێک خۆش نەدەبوو. هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکیشی بە توندترین شێوە بێدەنگدەکرد. لە حکوومەتی کرماندا جوتیارێک هاتە لای و گەیی گران بوونی ماستی کرد؛ حاجی لەسەر ئەم گلەییە بچووکە فەرمانی دا سەری کابرا بپەڕێنن(ل13). لە سەودا قورسەکەی کڕینی حکوومەتی خۆراسانیشدا نەتەنیا دەبوو پارەکەی خۆی دەربێنێتەوە، بەڵکوو چاوەڕوان بوو بەرهەم و قازانجی سەوداکەی بە کوڕ و نەوە و نەتیجەشی بگا.**

**بەر لەوەی حاجی حکوومەتی خۆراسان وەدەست بێنێ، بە ماوەی سێ ساڵ لە ناوچەی باکووری خۆراساندا باران نەباریبوو و وشکەساڵی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو. لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی 1323ی کۆچی[مەی1905]، کە حاجی بووبە حاکم، کوللەش پەیدا بوو و ئەوەی شینایی بوو بە جارێک بنەبڕی کرد(ل16). خەڵک بە تەلیس کوللەیان وەکۆ دەکرد و دەیانفەوتاند، بەڵام هەوڵێکی بێهوودە بوو. حاجی بە عادەتی خۆی نەتەنیا لە ماڵیات خۆش نەبوو، بەڵکوو شێوازێکی تازەی بۆ کوردەکان دانا و بە ئانقەست تەوژمێکی پتر لە ناوچەکانی تری خستنە سەر؛ ئەویش ئەوە بوو کە لە هەموو ناوچەکاندا ماڵیات بە پێی داهاتی ساڵانە وەردەگیرا، بەڵام لە باکووری خۆراساندا حاجی فەرمانی دا بە پێی سەرانەی بنەماڵەکان وەربگیرێ! واتە هەر ماڵێک چەند کەسی ئەندام هەبوو لە دەفتەراندا سەرژمێری و ناونووس کران و بە پێی هەر کەسە 8 قڕان ماڵیات**

دیاری کرا. ئەم هەشت قرِانە جگە لە سەرژمێریی مەڕ و مالاَت بوو کە ئەویش مالّیاتی دیاریکراوی خۆی هەبوو. هەروەها مەئمووری وەرگرتنی مالّیاتیش دەستخۆشانەی دەویست و وردە حاکمی شار و شارۆچکەکان و گزیر و دارۆغەش بەشی جیاوازی خۆیان هەبوو(ل17).

مەئموور بە شار وگوندان وەربوون و دەستیان کرد بە دارکاری و فەللاقەی خەلّکی رِەشورِووت و برسی. ئەگەر لە مالّێکدا چەند کەس یا چەند سەر حەیوانیش پێشتر مردبان، مەئموورەکان هەر بە پێی سەرژمێریی پێشوو و زانیاریی ناو دەفتەرەکانی خۆیان لەگەلّیان دەجوولاَنەوە!

خەلّک کە لە زەوی و ئاسمان پەنایەکیان شک نەدەبرد، چاریان نەما جگە لەوەی کچەکانیان بفرۆشن. تورکمانەکان کە کاریان ئەوە بوو بە شەڕ و لێکدان ئافرەت برِفێنن و لە خیوە و بوخارا بیانفرۆشن، ئەمجار ئیدی پێویست بە شەڕ و هێرشی لەنەکاو نەبوو، چونکە کوردەکان بۆ دابین کردنی مالّیاتی حاجی، بە ویست و دلّخوازی خۆیان کچەکانیان دەفرۆشت. تورکمان وەکی چەرچی وە شار و گوندان کەوتبوون و بە گەنم یا بە پارە کچیان دەکرِی. نرخی کچ بە پارە، تمەنێک تا دوو تمەن و بە کالاَ، 12 مەن [36 کیلۆ] گەنم بوو(ل20). هەندێ کەس کە کچیان نەبوو، ژنەکانیان فرۆشت و پولّی حاجیان دا. ئافرەتەکان بە پێی جوانی و ناحەزی بە 15 تا 40 تمەن لە تفلیس دەفرۆشران و لە میوانخانەکاندا دەبوو گۆرانی بلّێن و سەما بکەن و لەش بفرۆشن. خەلّک پەیتاپەیتا نامەیان دەنووسی و هاواریان لە دەست زولّم و زۆری حاجی بۆ تاران دەنارد؛ بەلاَم ئەو پارە زۆرەی حاجی رِەوانەی خەزێنەی دەولّەتی دەکرد، بە قووەتتر بوو لە هاواری خەلّک. لە رِاپۆرتی یەکەمدا ناوی 250 ئافرەتی هۆزی «باشقانلوو» هاتبوو، و لە رِاپۆرتەکانی دواتردا لە هەزارتێپەرِی(ل21). ، کابرایەکی خێرخولاَ لە نامەیەکدا ئاوای نووسیوە:

بەندە حاجی مەلا حەسەنی زاکیری خایروودی، کە نیشتەجێی دوو فەرسەنگیی مەشهەدم ] و مالّێکیشم لە مەشهەد هەیە، تەنیائاگاداری بارودۆخی «دەرەگەز»م، چونکە هەموو سالّێ بۆ رِەوزە خوێندنەوە دەچمە ناویان. لە سێ سالّ لەمەوبەرەوە کە مەنسوورولمولک بووەتە حاکمی دەرەگەز، 163 ژن و کچ بە هۆی تەوژمی مالّیاتی حاکمەوە بە تورکمانان و هەرمەنییان فرۆشراون. بەندە لە نزیکەوە ئاگادارم و حازرم ناوی ئەو 163 ئافرەتە و هەروەها ناوی باوکیان و گوندی زیدیشیان بنووسم. تەنانەت ناوی زۆربەی کرِیارەکانیشم لایە. ئەگەر کاربەدەستێک ئامادەیە بەو زولّمە رِابگا هەوالّم لێبنێرێ تا هەموو زانیارییەکانی بدەمێ. پاریش چوومە لای ئاسەفوددەولە و چۆنیەتیی ئەو رِووداوەم پێرِاگەیاند، برِیاری دا دووی بگرێ و لێکۆلّینەوە بکا. ئاغا سەید ئیبراهیمی واعیزی سیستانی و ئاغا سەید عیساش چوونە لای و بە وردی لە رِووداوەکەیان گەیاند، بەلاَم بە

دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. خەڵک دادیشیان بردە لای حوججەتولئیسلام حاجی میرزا حەبیبەڵڵا و باقیی عولەماکانی مەشهەد، ئەوانیش بە نامە و ڕاسپاردە ئاسەفوددەولەیان تێگەیاند، بەڵام بە کردەوە وەڵامێک نەبوو. خودا لە سەر ئەم وتانەی خۆم بەشاهید دەگرم، کە تۆزقاڵێک خیلافیان تێدا نییە. والله علی ما اقول شهید، هەرچی لە بابەت ئاسەفوددەولە و مەنسوورولمولکەوە بیڵێم کەمە. ماوەیەک لەمەوبەر برووسکەیەکیشم بۆ جەنابی موستەتاب، حوججەتولئیسلام ئاغاسەید عەبدوڵڵای بێهبەهانی بەڕێ کرد کە وەڵامێک نەهاتەوە].




حاجی غوڵامڕەزاخانی ئاسەفوددەولە(1834–1910) حاجی بەر لە حکوومەتی خۆراسان، حاکمی کوردستان بووە!!

– ئەم نامەیەی مەلا حەسەنی زاکیری لەلاپەڕە 7–8ی ژمارە 36ی ڕۆژنامەی (ندای وطن)، – .3ی جمادیالاول 1325، ڕێکەوتی15ی ژوئێنی 1907 چاپ و بڵاو کراوەتەوە ئاسەفوددەولە کە لە 16ی ڕەبیعولئەووەلی 1328[29ی مارسی 1910] مرد، لە شۆڕشی

مەشرووتەدا هاتە ڕیزی ئازادیخوازان و ڕایگەیاند کە هەمیشە لایەنگری خەڵک و حکوومەتی پەرلەمانی بووە.
عەلی ئەکبەری دێهخودا لە هەڵبەستێکی تەنزدا، گۆرانییەکی بۆ کچانی کوردی خۆراسان ڕێکخستووە بە ناوی «ای خدا کسی فکر ما نیست» کە لە میوانخانەکانی تفلیس بە سەما دەیڵێنەوە. میوانەکان لە دوایی گۆرانییەکەدا بە کۆرس دەڵێن: یاشاسون ئیرانن گزل قزلەری/ یاشاسون ئاسەفوددەولە / یاشاسون میللەت وەزیر لەری.

**<u>سەرچاوەکان:</u>**

حکایت دختران قوچان،افسانه نجم‌آبادی، نشر باران، چاپ اول، 1995.
تاریخ مشروطه ایران، احمد کسروی، انتشارات امیرکبیر، جلد اول، چاپ شانزدهم، تهران، 1363، ص226–227

ئەم بابەتە بەناونیشانی ژێروو بڵاو کراوەتەوە:
گۆڤاری مەهاباد،ژ131–132، ڕێبەندان و ڕەشەمەی 1390، ل63.